# باخچەکەمان

قوبادی جەلی زادە



## زەیتون

بە ئەدەبترین  درەختی باخچەکەمان ،

زەیتوونە ..

کەچی کە چراکان چاو دەنوقێنن ،

بە دەستێک مەمکی پرتەقاڵ دەگوشێ و

بە دەستێک قۆڵی هەڵووژە !

## هەنگ

زیکزیکەیەک دەزریکێنێت ..

درەختەکان پەنجە دەخەنە کونی گوێیانەوە .

هەنگێک باڵ لێکدەدا ،

گوڵخونچەکان یەکە یەکە ،

سینگی بۆ رووت دەکەنەوە !

## پەپوولە

پەپولەیەک ، سپی سپی

دەستی چەپی پڕ دەکات لە خوێ ی هەتاوو

بەسەر لقێکی مێوەکەماندا ، دەنیشێتەوە .

بە دەم وردە تریقەوە ،

دەتک

دەتک ،

بەرسیلەی جوانی دەکرۆژێت .

لە بن کەپریش ، لە نێو جۆللانەی شعردا

من و

سەگی کوڕەکەم و

فنجانی قاوەکە ،

دەممان پڕ دەبێت لە ئاشتی !

## نازناز

لە ئێوارەوە ، نازناز ، رەنگ رادەخات و

شنە بە خۆی دادەدات و دەخەوێت !

کەچی کچە شۆخەکانی شەوبۆ ،

زەردەپەڕ لە خەویان راست دەکاتەوەو

لەشیان بە تریفە دەشۆن .

هەتا رۆژیش دەبێتەوە ،

سەبەتەیەکی گوڵگوڵی دەخەنە سەر سەروو

درەخت بە درەخت و

لک بە لک و

پەلک بە پەلک ،

شووشە عەتر دەبەشنەوە !

## سەروو

هەر وەختێک بچیتە نێو باغ ..

درەختەکان خەواڵوو .

وەک سەر خۆش قۆڵیان بەسەر شانی یەکتریدا ،

شۆڕ !

تەنیا سەروو ..

وەک پۆلیسێکی بەر دەرگەی ( تەلاریدا د )

ئامادە باش !

## سۆندە

لە ناوەراستی چیمەنەکەیماندا ، سۆندەیەک

شین شین .

وەک گرانەتا ، گەرم گەرم !

ووشک ووشک وەک خویٚ .

ئەو وەک ئێمە ناتوانیٚ ، بە خەیالٚ

لەگەلٚ درەختێکی  خرپندا جووت بیٚ ،

تا داوێنی شڵپە بکا لە چۆڕاوگەو

سینگی گوڵەکانیش ، بە شەهوەت برِشێنێت !!

## لاولاو

چەند گوڵە لاولاوێک توند توند

پوزی سوورە چنارێکیان کردۆتە ئامێز .

تا ساتەوەختی هەڵوەرین ،

بۆنی پێوە دەکەن

رووومەتی پیٚ گەرم دەکەنەوە

رایدەمووسن !

## شەونم

نەباران باریوە ، نە باخچە ئاورِشێن .

کەچی تاڵتاڵی چیمەن تەرِ !

پێدەچیٚ سبەینان ، کۆترەکان لە وێندەر

دەستنوێژیان هەڵگرن .

درەختەکانیش ، پاش سێکس کردن ،

پێدەچیٚ هەر لەویٚ  میز بکەن .

هەر لە وێش ، غوسلٚ لە خۆیان دەربکەن !

## شەنگەبی

**شەنگەبییەکە ، « لە پەنجەرەی ژوورەکەی دام »**

**پێ پەتی .. رووت رووت !**

**دەیویست بە دەستێک مەمەکانی داپۆشێت و**

**بە دەستێک نێو گەڵی !**

**بە شپرزەییەوە پێی گوتم :**

**ئەم بەرە بەیانە خۆم دەشت ،**

**سۆڵەکەم لەبەر پێما بوو ..**

**جلو بەرگم بە تەنافی گوڵە باخە سوورەکەوە**

**هەڵخستبوو .**

**کەچی سەگەکە ، سۆڵەکەی لێ رفاندم و**

**- با - ش ،**

**مەمک بەندوو**

**ژێر کراس و لیباسەکەم !**

## پەنجەی خانم

**مانگ ، بەر لەوەی بچێتەوە ماڵ .. ،**

**دێ لە سەر رۆخی حەوزەکەماندا**

**هەڵدەکورمێ .**

**هەردوو قاچی شۆڕ دەکاتەوە ناو ئاو**

**بە پەنجەی خانم ، دەم و چاوی تەڕ دەکات .**

**پشیلەیەکی زۆڵ ، لە پشتڕاوە ،**

**پاڵێکی پێوە دەنێت و هەڵی دەداتە حەوزەکەوە .**

**مانگ خڵتانی ئاو دەبێت و**

**باخیش خڵتانی تریفە !**

## چۆلەکە

له باخچه‌که‌ماندا ، دوو چۆله‌که هه‌ن ، « داکانه » .

به‌یانیان به‌ر له خۆر که‌وتنن

سوک سووک هه‌ڵده‌فڕن .

ده‌ڵێن له باخچه‌یه‌کی تردا ، دوو چۆله‌که‌ی « بابانه » ،

چاوه‌ڕێ !

ئێواران دره‌نگ ده‌گه‌ڕێنه‌وه . شه‌که‌ت شه‌که‌ت .

ده‌نووکیان گۆ ناکات له به‌ر مژین .

په‌ڕوباڵ ته‌ڕ ته‌ڕ له‌ژێرباارانی سه‌ما

مل و گه‌ردن سوور هه‌ڵگه‌ڕاو ، له گه‌رمایی ماچ .

زۆر جار له‌وێ ، بازن و گواره‌کانیان له بیر ده‌چێ .

بیریان ده‌چێ دوگمه‌ی تیشێرته‌کانیان ، دابخه‌ن .

بیریان ده‌چێ ، زنجیری ته‌نووره‌کانیان هه‌ڵکێشن .

ئه‌وان له دووره‌وه ، جانتاکانیان هه‌ڵده‌ده‌نه ناو هێللانه‌و

به‌بێ جریوه راده‌کشێن .

له‌سه‌ر ده‌م راده‌کشێن .

به که‌شه‌وه راده‌کشێن !!

## مێو

ترسنۆکترین دره‌ختی باخچه‌که‌مان مێوه !

هێشتا له‌شکری پایز ، له شاخ شۆڕنه‌بۆته‌وه ،

که‌چی هه‌ر چوار په‌لیی له داری که‌پره‌که‌دا ئالاندووه‌و

ده‌له‌رزێ !

دانه دانه‌ش ، گواره ئاڵتوونیه‌کانی

ده‌وه‌رن !

## چله‌ی باخه‌وان

پێش ئه‌وه‌ی باخه‌وان کۆچ بکات ..

پێمەڕەکەی ، لە قوژبنێکی باخچەکەمان هەلپەسارد.

پێمەڕە .. دڵتەنگ .

دڵتەنگ ، وەک تفەنگێک ، شۆڕشگێرەکەی ، شەهید!

وەک ئەسپێک ، شۆرەسوارەکەی گلاو !

لە چلەی ماتەمینی باخەوانیشدا ، پێمەڕە ،

دەستی خستەوە نێو دەستی درەخت .

پێ بە پێ ، سینگی باخی پێمەڕە کردەوە .

سییەکانی  تژی کردنەوە لە بۆنی گوڵ و

دەم و لێوی پڕ کردنەوە لە تامی گڵ !

کە ماندووش بوو ، وەک باخەوانی کۆچ کردوو ،

لەبن سێبەری شەنگەبیەکە هەڵکورما

چایەکی شیرینی خواردەوەو

بەدەم پێچانەوەی سیغارێکشدا ،

پەنجە باریکەکانی دەلەرزین و

چاوە چووکەکانی ، پڕ دەبوون لە فرمێسکی درشت !